## (( تا ئێستا سەدام بەرپرس نیە لە کیمیابارانکردنی کورد لە هەڵەبجە ))

## پاکانەی حکومەتی عیراق بۆ سەدام حسین و سەرانی بەعس بە توندی مەحکومە !

دوێنێ رۆژنامەی (الشرق)ی قەتەری دیمانەیەکی لەگەڵ (مالك دوهان الحسن ) وەزیری دادی عیراقی بلاوکردەوە، کە بەشێك لە قسەو باسەکانی تەرخان کراوە بۆ دادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعس. وە لەم بارەوە وویەتی: (( راستە سکالا لەدژی سەدام ودەست وپێوەندەکانی هەیە، بەلام تا ئێستا سەدام بەرپرس نیە لە کیمیابارانکردنی کورد لە هەڵەبجە، چونکە ئەم چەکە ئێران هەیبووە، ئەوەتا راپۆرتە هەوالگرییەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە بەچەکی ئێران لە هەڵەبجە دراوە نەك چەکی عیراقی، هەروەها طارق عزیزیش هیچ بەڵگەی لەسەر نیە کە تاوانی ئەنجام دابێت،یانی تاوانی جەنگ، بە پێی زانیاری من طارق عزیز لە رووی سیاسیەوە گیراوە)) .

جێگەی خۆیەتی هەنگاوێك بگەڕینەوە بۆ ئەو سەرەتایەی کە لیستی 55 کەسی لە سەرانی بەعس وەك ((تاوانباران))ێك کە لەڕوانگەی ئەمەریکاوە فایلەکانیان پێویستیان بەلێپرسینەوە هەبوو. دیاری کردنی لیستیکی لەو چەشنە گومانێکی لەوەدا نەهێشتنەوە کە لەگۆڕنانی بەعس بۆ ئەمەریکا بەمانای دادگایی کردنی هەموو ئەو تاوانبارانە نی یە کە لە ماوەی 35 ساڵی رابردودا راستەوخۆ بەرپرس وبەشداربوون لە خولقاندنی گەورەترین جینۆسایدێك کە لە ناوچەکەدا ئەنجامدراوە ! دواتریش بینیمان کە گەڕانەوەی زۆرێك لە کۆنە بەعسی یەکان بۆ دریژە پیدان بە کاری خۆیان و گەرانەوەی سوپاو ئەفسەرو دەرجەدارن و تەنانەت قسە کردن لە گەڕانەوەی نزار خەزرەجی بۆ سەر کاروپیشە ( ئینسانی )یەکەی خۆی، هەروەها دیداری ئەم دوایانەی علاوی لەگەل رەغدەی سەدام حسین لە ئەردەن، کۆنگرەی ئاشکرای حزبی بەعس،.. هەموو ئەمانەو گەلێك نهینی و هیمای تری پشت پەردە پرۆسەیەك بوون کە کاتیان بە ئەمرۆ گەیاند تا بەئاشکرا پاکانە بۆ تاوانەکانی سەدام حسین و سەرانی بەعس بکەن !

واپێ دەچیت کە دادپەروەری حکومەتە بندەستەکەی ئەمەریکا وەك شێوازی هەڵبژاردنەکەیان لەسەر بنەمایەکی نوێ بێت و دیموکراسی کردنەوەی عیراق نەك هەر پێویستی بە هەرجۆرە گاڵتەجاریەك هەبێت ، بەڵکو تەنانەت پاکانە کردنیش بۆ سەرانی ئەو رژێمە گۆڕ بەگۆرەی بەعسیش بەکردەوەیەکی ئاسای بزانن . بۆیە وەزیری (دادی) عیراق بەوشێوە لێبراوانە پێ دەنێتە مەیدانی داکۆکی کردن لەو دیکتاتۆرەی کە چەندین جینۆسایدی وەك کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و شەڕو کوشتاری دەیان هەزار ئینسان و گۆرە بەکۆمەڵەکان و دەیان کردەوەی تری کەم وێنەی فاشیستانە بە تاوان نازانن و تازە بە پشتیوانەی دۆکیومەنتە (نوێ)کانی ئەمەریکا کیمیابارانی هەلەبجە دەخەنە ئەستۆی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران. بۆیە ئیتر ئاسای دەبیت کە طارق عزیزیش بخەنە خانەی ئەو عیراقی یە " شەریفانەی" کە ناکرێت لە گوڵێك کالتری پێ بووترێت، چۆنکە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکانی نی یە ! ؟

کاتێك کە (مالك دوهان الحسن) وەزیری دادی عیراق، بێ پێچوو پەنا پشت بکاتە هەمان فیدرالیەتێك کەتائێستە ئەو هەموو هاتووهاوارەیان لەسەر بەرێخستووەو پێ لەسەر عیراقی بوونی کرکوك دابگرێت و بەدەنگی بەرز پاکانە بۆ سەرانی بەعس بکات، ئەو پرسیارە دێتە گۆرێ کە ئاخۆ لەنیوان ئەم دوو حکومەتەی ئێستەو رابردو دەبێت چ جیاوازی یەك هەبێت و چ ئایندەیەکی رەشتر چاوەڕوانی خەلکی عیراق وکوردستان بکات ؟

هەر بۆیە کەمپینی داگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس بەتووندی هەڵوێستی وەزیری ( داد)ی حکومەتی عیراق مەحکوم دەکات و ئەو راستی یە وەبیری هەموو لایەك دەهێنێنەوە کەهەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونمانەوە دووپاتی ئەوەمان کردوە کەنەیاساو حکومەتی عیراق هیچ رەسمیەتێکی هەیەو نەتاوانبارانی حزب و حکومەتی بەعس دەبێت لەعیراقدا دادگایی بکرین. هەر لەم پەیوەندەدا جارێکی تریش رایدەگەیەنین کە ئەم هەنگاوەی سەرانی حکومەتی عیراق و بەتایبەت وەزیری ( دادی )ی عیراق و پاکانەی راستەخۆیان لە سەدام حسین و سەرانی بەعس، دووپاتی ئەو راستی یە دەکاتەوە کە دەبێت سەدام حسین و سەرانی بەعس لە دادگایی یەکی نیونەتەوەیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لێکۆلینەوەیان لەگەلدا بکرێت و دادگای بکرین و بە سزای تاوانە دژی ئینسانەیەکانی خۆیانیان بگەیەنن!

کەمپینی داگایی کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس

2005 / 2 / 13